ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لە جیاوازی نێوان Bitmap و Vector.

نووسەر: Aso Naderi
@: Aso.Naderi@Gmail.Com

هەموو ئەو وێنانەی کە بەکاریان دەبەین بەسەر دوو هاوپۆل دا بەش دەکرێن، هاوپۆلی Bitmap و Vector، لەم وانەیە دا بە کورتی تیشك دەخەمە سەر جیاوازی نێوان ئەو دوو جۆرە وێنەیە و ئەم بابەتە بنچینەی کۆمەڵە بابەتێك دەبێ کە لە داهاتوودا بڵاو دەکرێنەوە.




### Bitmap

هەر وێنەیەکی Bitmap لە کۆمەڵێك یان هەزاران پیکسڵ پێك دێت، وێنەی Bitmap هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە لە کاری ئاسایی دا بەکار دەبرێن و دەبینرێن، بۆ نموونە وێنەی گیرا و بە کامێرا.
هەر پیکسڵێك ڕەنگێکی تایبەت بە خۆی هەیە و بە گەورە کردنی هەر وێنەیەك دەکرێت پیکسڵەکانی ببینرێت و لە ڕەنگەکانی دەربخرێت. زۆر پرۆگرام دەتوانن ئەو کارە بکەن، سەرەکی ترینیان بۆ ئەو مەبەستە پرۆگرامی Adobe Photoshop ـە.
بە گۆڕینی قەبارەی وێنەیەکی Bitmap و بەتایبەت گەورەکردنی، جوانی و Quality وێنە تێکدەچێت، چوونکە وێنەکە پشت بەستە بە ژمارەی ئەو پیکسڵانەی کە ئەویان پێکهێناوە و لەکاتی گەورە کردنیاندا پیکسڵەکان زۆر نابن، بەڵکو گەورە دەبن ئەنجامی ئەوەش تێکدان و خراپ کردنی وێنە دەبێت.

### Vector

وێنەیەکی Vector پێکهاتووە لە کۆمەڵێك هێل و دێڕی کیشراوە کە لە ئەنجامدا وێنەیەك پێك دێنن.
وێنەیەکی Vector پشت بەست نیە بە پیکسڵ و هەر بۆیە بە گەورەکردنی وێنە جوانی و Quality وێنە وەك خۆی دەمێنێتەوەو خۆی گەورە دەکات.
پرۆگرام بۆ کارکردن و دروستکردنی وێنەی Vector زۆرن، وەك Adobe Illustrator و Macromedia Fireworks.

بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی بابەتەکە دەتوانی سەیری ئەم وێنە جووڵاوەیە بکەیت.

Dec 2005 22

**Tighten Sagging Skin**
**30 Minute Face Lift! No Wrinkles Or Slack Skin. Retain Youthful Skin**

**Chin Bar**
**Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!**

Ads by Google